سوارە محەمەد

یاریزانی بەرزکردنەوەی قورسایی یانەی هەولێر:

# تەنیا یانە
# کە بایەخ بەم یارییە بدات
# یانەی هەولێرە

دیمانە: کارزان کانەبی






*** ئاستی یاری بەرز کردنەوەی قورسایی چۆن دەبینی؟**

-ئەوەی راستی بێت یاری بەرزکردنەوەی قورسایی لە شاری هەولێر لەوپەڕی خراپیدایە، بەڵام ئەو ئاستەی کە ئێستا هەیە لە سایەی یانەی وەرزشی هەولێرەوە ماوە، هەولێر تاکە یانەیە لەسەر ئاستی کوردستان کە گرنگی بەم یارییە دەدات، بەڵام داخەکەم کە ئێستا یانەکەمان لە بارودۆخێکی خراپی داراییدایە.

*** پێتوایە بۆ بەرەو پێشبردنی ئەم یارییە دەبێت چی بکرێت؟**

-دەبێـــت بایەخی تەواو بە ئاســـتی یاریزانانی تەمەن بچووك بدرێت و چەندین هۆڵی تایبەت بەم یارییە بکرێتەوە لە شارەکانی کوردســـتان و گرنگی تەواو بە کەل و پەلی ئەم یارییە بدرێت و پێداویستییەکانیان دابین بکرێت.

*** ماوەیەکە ناتبینین لە کوردستان، هۆکاری چییە؟**

- من لە کوردستان دەژیم، بەڵام ماوەیەکە بارودۆخی دارایی هەرێمی کوردســـتان زۆر خـــراپ بووە، منیش وەکـــو یاریزان ماوەی دوو ســـاڵە هیچ مووچەیەکم لە یانەی وەرزشی هەولێر وەرنەگرتـــووە، جگە لەو مووچەیەی لـــە وەزارەت وەری دەگرم کە زۆر کەمە، چونکە بڕوانامەم نییە، هەر ناکرێت لێرە باســـی کەمییەکـــەی بکەم، بۆیە مـــن دەبێت بۆ بژێوی ژیانی ماڵ و منداڵم کار بکەم و وەرزشـــیش بکەم، ئێستاش لە دەرەوەی هەرێم کاردەکەم.

*** دەڵێـــن بوویتە راهێنەری کچانـــی ئۆکرانیا ئەوە تا چەند راستە؟**


-من وەکو راهێنەر لەگەڵ تاکە کچێکی یاریزانی هەڵبژاردەی ئۆکرانیام کە ماوەی ســـێ ســـاڵە ئەم ئەرکەم لە ئەســـتۆیە و توانیومە ئاســـتی زۆر بەرز بکەمـــەوە و چەندین مەدالیای بۆ بەدەســـتبهێنم، لەوانە مەدالیای وڵاتانی ئەوروپا و بەشداریش دەکات لە پاڵەوانیتی جیهان، ئێســـتاش ئەم یاریزانە بڕوانامەی ماجســـتێری لە یاری بەرزکردنەوەی قورســـایی لەسەر ئاستی لوتسك بەدەســـتهێناوە، لەگەڵ ئەم یاریزانەش هاوسەرگیریمان کردووە و خاوەنی منداڵێکین.

*** ئەی لەگەل یانەی هەولێر بەردەوامی؟**

- بەڵێ وەکو یاریزان و راهێنەریش هاوکاری یاریزانەکانی ئەو یانەیە دەکەم.

*** بەرنامەت بۆ داهاتووی خۆت چییە ؟**

- ئامادەکاری دەکەم بۆ بەشـــداریکردن لە پاڵەوانێتی عێراق و دەمەوێ ئەنجامێکی باش بەدەستبهێنم.










**سوارە محەمەد لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٢ی شاری هەولێرە و یەکێکە لە یاریزانە هەرە بەتواناکانی یاری بەرزکردنەوەی قورسایی لە شاری هەولێر کە لە ساڵی ١٩٨٩ـەوە لە بنکەی وەرزش و لاوانی هەولێرەوە دەستی بە یاری ئاسن کردووە، لەوێشەوە هەنگاوی ناوە بۆ یانەکانی تورکمان و هەولێر و هەڵبژاردەی عێراق، ئێستاش یاریزانی یانەی هەولێر و راهێنەری کچانی هەڵبژاردەی ئۆکرانیایە لەم یارییە، هەروەها خاوەنی چەندین ئەنجامی بەرچاوە لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان و وڵاتانی عەرەبی، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد و بەمجۆرە وەڵامی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

*** هیوا و ئاواتت لەم یارییە چییە؟**

-هیوام زۆرە، بەڵام بەداخەوە نەهاتەدی و نایەتەدی .

*** گرفتی ئەم یارییە زیاتر لە چیدا رەنگ دەداتەوە؟**

-نەبوونی هۆڵێکی تایبەت بە یارییەکانی بەرزکردنەوەی قورسایی و نەبوونی کەل و پەلی یارییەکان و نەبوونی پاڵپشتی لە یانەکان، ئەوانە هەمووی گرفتن لەم یارییە.

*** بڕیارت نەداوە قوتابخانەیەکی پێگەیاندنی یاریزانان دروست بکەی؟**

-بەداخەوە کە وەزارەت و لیژنەی ئۆلۆمپی و یانەکان نەتوانن ئەو یارییە لە خۆ بگرن، من چۆن دەتوانم قوتابخانەی پێگەیاندنی یاریزانان بکەمەوە؟

*** بە چ یاریزانێك سەرسامی؟**

- بە هەموو یاریزانێکی بەرزکردنەوەی قورسایی سەرسامم، چونکە ئەوان هەمووی پاڵەوانن .

*** ئەگەر شتێکت ماوە دەتوانی باسی بکەی؟**

- سوپاس بۆ هەموو ئەو راهێنەرانەی مەشقیان پێداوم و سوپاس بۆ بەڕێز سابیر تاهیر، هەردەم پاڵپشتی یاری بەرزکردنەوەی قورسایی بووە، سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵانی خۆشەویست کە بەردەوام هاوکاری یاریزانانی کردووە بۆ ئەوەی تواناکانیان پێشانی هەموو لایەك بدەن.





# سواریز:
# میسی ژمارە یەکی جیهانە

هێرشبەری یانەی بەرشلۆنە و هەڵبژاردەی ئۆرگوای لویس سواریز دانی بەوە دانا کە ئەو نەهاتۆتە یانەی بەرشلۆنە بۆ ئەوەی شوێنگرەوەی یاریزان میسی بێت، چونکە میسی یاریزانی ژمارە یەکە لە جیهان. سواریز لە لێدوانێکیدا بۆ رادیۆییەکی کەتالۆنیا گوتی: پێویستمان بە بیرکردنەوە نییە بۆ ئەوەی بزانین کە میسی چ یاریزانێکی گەورەیە، من نەهاتووم بۆ ئەوە شتێك وەربگرم کە بۆ من نییە، چونکە هەموومان دەزانین کە میسی ژمارە یەکی جیهانە .

دەر بارەی نیمار کە زۆر جار بۆ خۆی یاری دەکات سواریز گوتی: من لە نیمار تووڕە نیم، چونکە بۆ خۆی دەیەوێت هێرشەکە تەواو بکات، هەندێکجاریش هێرشبەر دەبێت خۆویست بێت، من دڵنیام نیمار لە داهاتوو خەڵاتی تۆپی زێڕین وەردەگرێت.

دەربارەی یاری کلاسیکۆ سواریز گوتی: ئێمە بە چوار خاڵ لە پێش یانەی ریال مەدریدین، بەڵام خولی ئیسپانیا یەکلا نەبۆتەوە و نازانین لە داهاتوو چی روودەدات، پێویستە پشت بە خۆمان ببەستین و لە یارییەکانی داهاتوو سەرکەوتن بە دەست بهێنین.

دەربارەی یاری بەرامبەر پاری سان جێرمان لە چامپیۆنزلیگ سواریز گوتی: ئەگەر بمانەوێت خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا بەدەست بهێنن، ئەوە دەبێ لە یانە بەهێزەکان ببەینەوە .




# یانەی مانچستەر یونایتد گرێبەست لەگەڵ ماتس هاملیس دەکات

بەپێی سەرچاوە رۆژنامەوانییەکان یانەی مانچستەر یو نایتدی ئینگلیزی لە هەموو کات نزیکترە بۆ ئەنجامدانی گرێبەست لەگەڵ یاریزانی یانەی برۆسیا دۆرتمۆندی ئەڵمانی ماتس هاملیس. ئەمەو رۆژنامەی دەیلی مەیلی بەریتانی ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کارگێڕانی یانەی شەیتانە سوورەکان گلۆپی سەوزیان بۆ راهێنەری یانەکە لویس ڤان گال هەڵکردووە بۆ یەکلایی کردنەوەی گرێبەستی یاریزان ماتس هاملیس و بڕی ٤٥ ملیۆن یۆرۆشیان بۆ ئامادە کردووە. وا پێشبینی دەکرێت یانەی برۆسیا دۆرتمۆند دوودڵە لە رێگەدان بەو یاریزانە بۆ جێهێشتنی یانەکە لە بەرامبەر ئەو بڕە پارەیەی ئامادە کراوە، چونکە یانەکە پێویستی بە دارایی هەیە بۆ پتەوکردنەوەی ریزی تیپەکە و بونیادنانەوەی لە پێناو باشترکردنی ئاستیان، چونکە خراپی ئاستیان هۆکار بوو بۆ بەشدارینەکردن لە پاڵەوانیەتی پاڵەوانانی ئەورووپا لە وەرزی داهاتوو. شایەنی وتنە یانەی شەیتانە سوورەکان لەم ماوەی دواییدا ئاستی هەڵکشانی باشی بە خۆوە بینیوە، لە ئێستاشدا تیپەکە دەیەوێت ریزەکانی بە یاریزانی بەتوانا پتەوتر بکات، بۆ ئەم مەبەستەش بیری لەو یاریزانە و گاریس بیل و پۆل بۆگبا کردۆتەوە.




# مانچستەر سیتی هەوڵی بەدەستهێنانی رۆناڵدۆ دەدات

کارگێڕی یانەی مانچستەر سیتی هەمیشە بە دوای پتەوکردنی ریزەکانی تیپەکەیە و لە هەموو ماوەیەکی گواستنەوە زستانە، یاخود هاوینە کۆشش دەکات بۆ بەدەستهێنانی یاریزانی بەتوانا لە پێناو باشترکردنی ئاستی تیپەکە لە هەر وەرزێکدا. لەمبارەیەوە رۆژنامەی بەناوبانگی ئینگلیزی میرۆر بڵاوی کردۆتەوە یاریزانانی یانەی ستیزن گفتوگۆ لەبارەی ئەو گرێبەستە دەکەن کە یانەکە هەوڵی بۆ دەدات، ئەویش بەدەستهێنانی تواناکانی یاریزانی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی کریستیانۆ رۆناڵدۆیە. هەروەها رۆژنامەکە روونی کردۆتەوە لە ئەگەری واژووکردنی ئەو بۆندە ئەوا دەبێتە هۆی تووڕەبوونی یانە دراوسێکەی سیتی مانچستەر یونایتد، چونکە کریستیانۆ لە پێشتردا یاریزانی شەیتانە سوورەکان بوو، بۆیە ئەم کارە ململانێ و رکابەرییەکانی نێوان ئەو دوو یانەیە زیاتر دەکات.

شایانی باسە پێشتر راپۆرتەکان ئاماژەیان بەوە کردبوو یانەی مانچستەر سیتی داوای ئەستێرەی ئەرژەنتینی لیۆنیل میسی یاریزانی یانەی بەرشلۆنەی کردووە، بۆیە هەموو چاودێران دەپرسن: ئایا مان سیتی دەبێتە ئەو یانەیە کە بتوانێت باشترین دوو یاریزانی جیهان لە یەك پێکهاتە کۆبکاتەوە؟!




# ئەگەری هەیە رۆبن بۆ دوو مانگ دوورکەوێتەوە

دوای ئەوەی یاریزانی هەڵبژاردەی هۆڵەندا و یانەی بایرەن میونشنی ئەڵمانی ئاریان رۆبن لە یاری یانەکەی بەرامبەر یانەی بروسیا مونشنگلادباخ تووشی پێکان هات، کەناڵی سکای سپۆرت رایگەیاند پێکانەکەی رۆبن بریتییە لە داڕووشانی ماسوولکە و ئەو پێکانە ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت بۆ دوومانگ لە یاریگەکان دووربکەوێتەوە .

ئەو پێکانەی رۆبن کە ئێستا گۆڵکاری خولی بۆندس لیگای ئەڵمانیایە، هەواڵێکی ناخۆشبوو بۆ راهێنەری یانەکەی هەرێمی بەڤاریا پیپ گواردیۆلا بەتایبەتی کە رۆبن لە یارییە گرنگەکانی خول و جامی ئەڵمانیا و یارییەکانی چامپیۆنز لیگ بەشداری ناکات.